

# لەم ڕێگایانەوە

**حافز مەوسەوی**
**و: مەریوان هەڵەبجەیی**

لەم ڕێگایانەشەوە دەتوانی بێیت
یا تەنانەت هاتبووی
کە «سەر خەسەکان» بەم جۆرە سەریان داخستووە
بە دارستانی بەڕووەکاندا سەرکەوتین
سەیری هەرمێ نەگەیشتووەکانمان کردو
گەیشتین
باران خۆشی کردبوو
قارچکەکانیش
چەترەکانیان
لە ژێر هەتاودا کردبووەوە
هێشتا کەس نەیدەزانی چ سەعاتێکی ڕۆژە و
مێگەلی ئەسپەکانیش
کەی لێرەوە تێپەڕیووە
سەوزایی
پڕ بوو لە بۆنی جەستەی ئەسپەکان
جۆگەلەی بچوکی نادیاری ئاویش
بە ژێر گیاکاندا دەڕۆیشت
تۆ
کە ناتوانیت بە ژێر ئەم گیایانەدا هاتبیت!
بەگومانەوە
دەستێك بە سەوزە گیا تەڕەکەدا دەهێنم و
خەوم لێ دەکەوێت...



# نــزا

پەپوولە
ڕەنگی باڵەکانی لەبیر چووەتەوە
باڵندە
سترانەکانی بە بیر نایەتەوە
نزا بکەن
دێڕە عاشقانەکانمان
بیر نەچێتەوە

# منداڵییەکانم..

منداڵییەکانم لە ژێر دارو پەردودا بەجێماوە
ئەو تولە ڕێیەی کە منی دەگەیاندە دارستان
داپۆشراوە بە (سەرخەس)و (گەزنە)
ڕێگام نادان
دیوارەکان
لەو کۆڵانانەدا کە ئیدی بوونیان نییە
ڕاکشاون
لە ژێر هەر خشتێکدا
ئێسکێکی من دەڕزێ
سێبەرەکانم
لەوبەری ڕووبارەوەیە
لەوبەر سەرخەسەکانو گەزنەکان و بنچکە توتڕکەکانەوەیە
ئەو تولە ڕێگایەی کە منی دەگەیاندە دارستان..